# ئەمریکالەگەورە ئیمپریالیستی جیهانییەوە
# بۆ فریادڕەس ودۆستی گەلانی عێراق

ئەبوبکر ئەحمد سلێمان

2005-4-5 هۆڵـــندا

چەق بونەووتەکاملی دەسەڵاتی تاکەقوتبی ئەمریکالەئەنجامی گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری ومێژوویەکی دوروودرێژ لەململانەوکێ بەرکێ لەگەڵ ئەقتابەکانی تری جیهانی ئیمپریالیستی ولەئەنجامی هەردوجەنگی جیهانی وبەخولقاندنی تراژیدیای کۆمەڵ کوژی لەنمونەی {هێرۆشیماو ناکازاکی و ڤێتـــنام } ودەریایەك لەخوێنی مرۆڤ لەسەرتاسەری دنیابەم ڕۆژەگەیشتوە ، ئەگەرتێکشکاندن ولەبەریەك هەڵوەشاندنی سیستمی دەرەبەگایەتی وسەرکەوتنی شۆڕشی پێشەسازی وگەشەکردنی سەرماداری وبازاڕی ئازاد ودیموکراسی سەرمایـــداری ڕابوردویەکی گەشی هەیەلەقۆناغێکی دیاری کراوی مێژووی بەشەریەتدا. .
لەدوای گەشەکردن وچەق بونەوەی سیستمی سەرمایەداری لەسەربنەماوشکڵ وشێوەی ئیحتیکاراتی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنان وبازاڕەکانی ساخ کردنەوەی کاڵایی ، سەرمایەداری جیهانی بەقۆناغی ئیمپریالیستی یانی نەی خۆی گەیشت و ئەنجامی ململانەی ناسروشتی وداگیرکەرانەوپاوانخوازیانەی سەرمایەداری هەردوجەنگی جیهانی لێ کەوتەوە ، ئەمریکاوەك گەورەهێزێکی دنیای سەرمایەداری هەمیشەبەڕێگای شەڕوکوشتاربەرژەوەندیەکانی خۆی دەباتە پێشەوە لەسەرتاسەری دنیادا .

جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکاوبەریتانیا لەدژی عێراق دورلەشەرعیەت ویاسای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەبیانوی جۆراوجۆر ، لەگەڵ ئەوەشدا کەبوبەهۆی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعـــس و سەرهەڵدانی دیاردەکانی سیستمی دیموکراسی لەم وڵاتەدا ، ئەم جەنگەلەناوەرۆکدا جەنگێکی ئیمپریالیستی یانەیە بەمەبەستی دەست بەسەراگرتن وکۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی بەرهەم هێنان وبەتالان بردنی سەروەتی نیشتیمانی ئەم وڵاتەوپاوانخوازی لەناوچەکەدا . ئەم جەنگەبەبیانوی هەبونی چەکی قەدەغەکراولەدژی ئەم وڵاتەڕاگەیاندرا ، بەڵام لەدوای 2 ساڵ گەڕان بەوپەڕی سەربەستی وئازادی ونەدۆزینەوەی ئەوچەکانە ، سەرۆکی ئەمریکالەم دوایانەدا باس لەوەدەکات کەدەزگای هەواڵگری ئەمریکازانیاری ناڕاست وهەڵەی داوە سەبارەت بەهەبونی چەکی لەوجۆرەلەعێراقدا ، ئەمریکابەردەوام دەوڵەتی ئیسرا ئیل پڕچەك دەکات بەمەبەستی باڵادەست کردنی تەکنەلوجیای سەربازی ئەو وڵاتەبەسەر وڵاتانی عەرەبی وناوچەکەدا وهیچ سانـــسۆرێکیشی نیەلەسەربەرنامەی چەکســـازی ئیسرائیل .

ئەمریکا بۆخۆی خاوەنی خەتەرناکترین وبەهێزترین چەکی کۆمەڵ کوژی یە ، چەندین جاریش ئەوچەکانەی لەدژی مرۆڤایەتی بەکارهێناوە بەتایبەتی لەدژی خەڵکی هەردوشاری هێرۆشیماوناکازاکی وتائێستاش ئەمریکا گەورەترین سەرچاوەی هەڕەشەیەلەسەر کۆمەڵگای بەشەریەت ، ئەمریکالەڕێگای سیاسەتی دیماگۆگیانەوبەمەبەستی باڵادەستی ئیمپریالیستی یانەی خۆی لەسەرتاسەری دونیاوبەبەهانەی لەناوبردنی تیرۆریزم وپشتیوانی لەدیموکراسی ، ژیانی تەواوی مرۆڤایەتەی وکۆمەڵگای بەشەریەتی لەسەرتاسەری دونیاداخستۆتەمەترسی ونائارامی یەوە .

پەلاماری ناشەرعیانەی ئەمریکاوبەریتانیا بۆسەرعێراق ، ئەگەرچی بوبەهۆی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری یانەی صـــدام ولەئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕانەشدافرسەتێکی ناکامڵ وفەزایەکی نارۆشنی سیاسی سەبارەت بەدەرکەوتن وسەرهەڵدانی بنەماکانی دیموکراسی بۆخەڵکی عێراق وبەتایبەتیش فرسەتێکی مێژویی بۆئەحزابی قەومی لەکوردستان هێنایەکایەوە ، لەگەڵ هەموئەمانەشدا پێویستەئەوڕاستی یەبزانین کە ئەوەی ئەمڕۆلەعێراق دەگووزەرێت سەبارەت بەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئایندەی ئەم وڵاتەبەتەواوی لەژێرکۆنترۆڵی ئەمریکادایەولەم شانۆگەریەسیاسی یەدا دەوڵەتی ئەمریکالەڕێگای دۆستەکانی خۆیەوەلەعێراق داشەکانی دەباتە پێشەوە ، پێش گرتن لەهەنگاوەکانی چەسپاندنی دیموکراسی ڕاستەقینەبەپێی ئوسوڵی سەردەم وبەڕێژەی زۆرایەتی دەنگی ئەحزابی سەرکەوتوی هەڵبژاردنەکان و هێنانەکایەوچەسپاندنی سیاسەت وحیلەشەرعی مەبدەئی تەوافق کەپێچەوانەیەلەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا ، هەموئەمانە بەشێکەلەسیناریۆ و سیاسەتی ئەمریکا بەئاڕاستەی لەباربردن وخاڵی کردنەوەی ناوەرۆك وئەنجامی هەڵبژاردنەسەرتاسەریەکانی خەڵکی عێراق لەشەرعیەت وبنەماکانی دیموکراسی وهەوڵێکی پێچەوانەوچەواشەکارانەیەبەمەبەستی داسەپاندنی دەوڵەتێکی ناشەرعی ونامونسجم بەسەرخەڵکی عێراقدا ، دەوڵەتێك بەدەرلەوەی کەسەرێکی شیعەوسەرێکی سوننەوسەرێکی ئیسلامی سیاسی وســەرێکی ناسیۆنالیستی یە ، هیچ ئینسجامێکی دەرونی وهیچ جۆرەبەرژەوەندی یەکی هاوبەش ئەم هێزەسیاسی یانەی لەدەوری یەك کۆنەکردۆتەوە ، هەربۆیەش ئەم دەوڵەتەناتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی یانەئیدارەی عێراق بکات وئەم هێزەناکۆك ونامونسجیمانەش ناتوانن تاسەریەکێتی ڕیزەکانی خۆیان بپارێزن وتێکچونی هاوسەنگی بەرژەوەندی سیاسی ئەم هێزانەبەهەرلایەکدا دەبێتەهۆی لێکترازانی ئەم یەکێتی یە ، لەلایەکی ترەوە بەهۆی قبوڵ نەکردنی مەبدەئی ڕێژەی زۆرایەتی لەسەربنەمای هەڵبژاردنەکان وداسەپاندنی مەبدەئی تەوافق وپێکهێنانی ڕەکیزەکانی ئەم دەوڵەتە لەسەربنەمای تائیفەگەری وداماڵینی ئۆرگانەکانی دەوڵەت لەدەسەڵاتی ڕۆتینی وەك دەوڵەتێکی ئاسایی لەڕێگای داسەپاندنی سیاسەتی بەکارهێنانی مافی فیتۆ لەناو هەمورەکیزە حەساسەکانی دەوڵەتی ئایندەی عێراقدا هیچ مانایەکی بۆ بنەماکانی دیموکراسی لەم

**ولاّتەدا نەهێشتۆ وە ، بەم جۆرە ئەم دەولّەتەعێراق دەكات بە ولاّتێكی دەست وپێ بەستراوەو بە پێی بەرژەوەندی ئەمریكاولەڕێگای دۆستەكانی خۆیەوە دەبێ داشەكان بچنە پێشەوە ، لەهەرئۆرگانێكی حەساسی ئەم دەولّەتەدا كەسێكی شیعەودوكەسی كوردو سوننە بەدەسەلاّت وماف بەكارهێنانی فیـــتۆوە لەبەرامبەریەك دانراون وە بۆ وەرگرتنی هەربڕیارێكی گرنگ پێویستەهەرسێكیان لەسەری ڕازی بن ، لەهیچ گۆشەیەكی ئەم دونیایەدا نمونەی لەم جۆرەلە دەولّەت وديموكراسی وجودی نیە ، بەپێی ئەم لێكدانەوەیەو بەجیالەخالّە پۆزەتیفەكانی ئەوئالّوگۆڕەسیاسی یانەی كەبەسەرعێراقداهات ، لەهەموئەاحالّەتانەداوجودی ئەمریكالەناوچەكەدا لەســەدلاوە لەدژی ئاییندەی ئەم ولاّتەوخەلّكی عێراقە ، ئەمریكا حیزبەكوردیەكان لەكوردستانی عێراق بەدۆست و هاوپەیمانی خۆی وە ســف دەكات و ئەحزابی قەومیش لەكوردستان وای نیـــشان ئەدان كەگوایەئەمریكافریادڕەس وخەمخۆر وپالّپشتی كێشەی كوردە ، لەكاتێكدا ئەمریكاخەباتی ڕزگاری خوازنەی زیاترلە 15 ملیۆن كوردلەكوردستانی توركیان بەئاژاوە گێری وگێرەشێوێن و ڕێكخراوی { پ ك ك } ش كەتاكەڕابەری خەباتی ڕزگاری خوازانەی بەشێكی گەورەی كوردستانە لەتوركیا بەتیرۆریست بەدونیادەناسێنت ، مەگەربانێكەو دووهەوا ؟؟ ، هەروەها ئەمریكا بەمەبەستی پشتیوانی لەیەكپارچەی خاكی توركیاولەناوبردن وسەركوت كردنی خەبات ومقاوەمەتی هەق خوازانەی خەلّكی كوردلەكوردستانی توركیا ، لەكەین وبەینی ئەوەدایەلەگەلّ دەولّەتی توركیاوحیزبەدەسەلاّتدارەكانی كوردستانی عێراق كەهێرشێكی بەرفراوان بكەنەسەربنكەوبارەگاكانی پ ك ك ولەكوردستانی عێراق بیان كەنەدەرەوە ، مەگەردەولّەتی توركیا داگیركەری بەشێكی هەرەگەورەی كوردستان نیە ؟؟ بۆدەبێ ئەمریكا دۆستی خەلّكی كوردستانی عێراق بێت كەلەكاتێكدا دەست دەخاتەناودەستی دەولّەتی توركیا بۆسەركوت كردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی پارچەیەكی دیكەی كوردستان ؟؟ .**

**ئەمریكابەســەدان ملــیار دۆلاری لە شەڕی عێراقدا بەخەرج داوە ، بەهەزاران میلی دەریایی وشكایی تێ پەڕاندوە تاهاتۆتەعێراق وگــیانی هەزاران لەسەربازنی خۆی خستۆتەمەترسی یەوە وبەهۆی ئەوشەڕەوەچەندین دۆستی دورونزیكی خۆی لەدەست داوەوكەوتۆتەململانەوكێ بەركێ یەكی سەختەوەلەگەلّ ڕەقیبەكانیدا ، بۆهەركەسێكی سیاسی ڕۆشنەكەئەمریكاهەموئەم شـــتانەی لەبەرخاتری چاوی كالّی خەلّكی عێراق وكوردستان نەكردوە ، بەلّكوبەرلەهەموشتێك ئەمریكالەدوای بەرژەوەندی ئابوری وسیاسی خۆی دەگەڕێت وئەم شەڕە ئامانجێكی ئیمپریالیستی یانەی لە پشـــــــتە .**